https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.5

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو

م. هاوکار عمر خضر
زانکۆی سۆران -فاکەڵتیی پەروەردە
hawkar.khidhir@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە پێچەوانەی توێژینەوە زمانەوانیەکانی پێشووە، کە هەوڵیـان داوە رەگـی داهـاتوو لە ڕەگـی ڕابـوردوو بە دەسـت بهێـنن. ئەم توێژینەوەیە پێی وایە ڕەگی ڕابوردوو بە هۆی زیاد کردنی مۆرفیمی کاتی ڕابـوردوو بـۆ ڕەگـی داهـاتوو دروسـت دەبێـت و زیـادکردنی ئەو مـۆرفیمە گۆڕانی فۆنۆلۆژی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەمەش هەموو ئەو کێشانە، کە پێشتر لەبارەی ڕەگی ڕابوردوو و ڕەگی داهـاتووە هەبـوون، دەردەخـات و روونیان بکاتەوە. ئامانجی سـەرەکی تـوێژینەوەکە دەستنیشـان کردنـی ئەو یاسـا مۆرفۆفۆنۆلۆژییـانەیە، کە لە کـاتی دروسـتبوونی ڕەگـی ڕابـوردوو، دێنەکایەوە. تیایدا گرنگترین یاساکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابـوردوو لە ڕەگـــی چـــاوگە ســـادەکانی زمـــانی کـــوردی خـــراونەتە روو و شیکراوەنەتەوە. پرۆسە فۆنۆلۆژییە سـەرەکییەکانی گۆڕانی ئەم ڕەگـانەش خۆی لە سوان، زیادبوون و گۆڕان بە جۆرە جیاوازەکانیانەوە دەبینێتەوە. کـردەی سـوان لە گـۆڕانی ڕەگـی داهـاتوودا هەردوو شـێوەی فـۆنیمی کۆنســـونانت (ن، ت) و ڤـــاوڵ (ێ، ە) دەگـــرێتەوە، بەڵام زیـــاتر لە کۆنسونانتەکانە. هەندێک کات ڤاوڵ و کۆنسـونانتەکان بەدوای یەکەوە لە یەک ڕەگدا دەسوێن.

**وشـــە کلیلییەکـــان:** مۆرفۆفۆنۆلـۆژی، رەگـی کـار، سـوان، گـۆڕان، زیادبوون.

## یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو

**پێشەکی:**

ئەم تـوێژینەوەیە، پڕۆسـەی دۆزیـنەوەی گۆڕانەکـانی رەگـی کـارە لە زمـانی کوردیدا، ئەمەش لەسـەر ئەو بنەمـا لۆژیکییە داڕێژراوە کە دەڵێت: "ئـاڵۆز لە سـادەوە دروسـت دەبێـت." ئەمەش پـێچەوانە دەبێـتەوە لەگەڵ هەمـوو ئەو تـوێژینەوانەی بەر لەم کـارە ئەنجـام دراون. چـونکە هەمـوو ئەوانەی باسی دروستبوونی ڕەگی کاریان کردوە، بەشێوەیەک بە لابردنی نیشـانەی چـاوگ و مۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردوو تـاوەکو ڕەگـی داهاتوویـان دۆزیـوەتەوە. بەڵام پێمـان وایە ڕەگـی ڕابـوردوو بە زیـادکردنی مـۆڕفیمی کـاتی ڕابـوردوو بـۆ رەگـی داهـاتوو دروسـت دەبێـت. لە ئەنجـامی ئەم زیادبوونەدا هەندێک گۆڕانی فۆنۆلۆژی دێتەئارا.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە: لەمەدایە کە گۆڕانەکانی ڕەگ لەسەر بنەمای گـۆڕانە فۆنۆلۆژییەکـانی زمـانی کـوردی دەخـرێتە ڕوو، بەشـێوەیەک دەتوانێت هەمـوو ئەو کێشـانە ڕوون بکـاتەوە، کە پێشـتر لە نێـوان ڕەگـی رابوردوو ڕەگی داهاتوودا هەبوون.

ڕێبـازی تـوێژینەوەکە: ئەم تـوێژینەوەیە سـودی لە ڕێبـازی وەسـفی شـیکاری وەرگرتـووە، ئەو داتایـانەش بـریتین لە بەشـێکی زۆری چـاوگە سادەکانی شێوەزارەی کوردی ناوەڕاست.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دەسپێکێک و سێ تەوەر پێکدێت. لەسەرەتادا مۆرفۆفۆنۆلۆژی ناسێنراوە و ڕەگی کار جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو ڕونکراوەتە لەگەڵ خستنەڕووی ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوو. لە تەوەری یەکەمدا گۆڕانە یەک پڕۆسەییەکان لە سـوان و گـۆڕان و زیـادبوونی ڕەگـی داهـاتوو بـۆ ڕەگـی ڕابـوردوو هەروەهــا یەک پڕۆســەییە دوو گۆڕانییەکــان و ســێ پڕۆســەییە ســێ

گۆڕانییەکان لە فۆنیمە کۆنسونانت و ڤاوڵەکان شیکراونەتەوە. لەتەوەری دووەم گۆڕانە دوو پڕۆسەییەکانی گۆڕان و سوان و گۆڕان و زیادبوون خراونەتەڕوو. لەتەوەری سێیەم گۆڕانە سێ پڕۆسەییەکانی زیادبوون و گۆڕان لەگەڵ سوان و گۆڕان و زیادبوون لە ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو باسکراون.

لەکۆتایدا پوختەیەک لە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پەراوێزەکان و پاشکۆ ڕیزکراون.

**١-دەستپێک:**

**١-١: مۆرفۆفۆنۆلۆژی:**

دەنگوشەسازی (عەبدوللا حوسێن ڕەسوول، ٢٠١٥ : ٢٧٦)، فۆنۆمۆرفۆلۆژی (رمزی منیر بعلبكی، ١٩٩٠ : ٣١٨)، لە ئینگلیزی ئەمەریکیدا مۆرفۆفۆنیمیکس (David Crystal, 2003 : 302) پێدەگوترێت، پڕۆسەیەکی زمانییە لە نێوان دوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدات (David Crystal,1990,196-195). ئەمەش بەشێوەیەک کە ئاماژە دەکرێت بۆ پێکهاتەی ئەو مۆرفیمانەی لە فۆنیم پێکدێن (Geoffrey Finch, 2000 : 59) کە مۆرفیمێک دەچێتە پاڵ مۆرفیمێکی تر لە ئەنجامی ئەم بەیەکگەیشتنەی فۆنیمەکان کار لەیەکتر دەکەن و گۆڕانی دەنگی دێتەئارا. (Andrew Spencer & Arnold M. Zwichy, 2001 : 145). کاتێک مۆرفیمێکی وەک، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو بۆ ڕەگی کارەکە زیاد دەکرێت، ئەوا لە هەندێک ڕەگدا گۆڕانێکی یان زیاتر ڕوودەدات، بۆ نمونە: کاتێک مۆرفیمی ڕەگی داهاتووی (بە)ی چاوگی (بردن)، مۆرفیمی کاتی ڕابوردووی دەچێتە سەر ئەوا دەبێت بە (بر). بەم شێوەیە:

بە ← بر: بە + د = برد

ڕەگــی داهــاتووی (بە) بەکــاریگەری مــۆڕفیمی کــاتی ڕابــوردووی مۆڕفیمی /ـە/ ← /Ø/ و /ـر/ زیاد دەبێت، ئەوا ئەم ڕەگە دەبێت بە (بر). (دڤێرێـدا گوهـۆڕین د دەنگیـدا پەیـدادبیت، ل دەمـێ مـۆڕفیمەک ل سـەر مۆرفیمەکــادهێتە زێــدەکرن) (شــێرزاد ســەبری عەلــی & عەبدولســەلام نەجمەدیــن عەبــدوللا٢٠١٩: ١٢٠) بەواتــای زیــادکردنی مــۆڕفیمی کــاتی ڕابــوردووەکە بــۆتە هــۆی گــۆڕانە دەنگییەکــان، ئەمەش لەزمانــدا بە مۆرفۆفۆنۆلۆژی دەناسرێت.

## ١-٢: ڕەگی کار

ڕەگی کار مۆڕفیمێکی بەندی تەوەرەی سەرەکیی ڕستەیە و هەموو مۆڕفیم و وشەکانی تر بەپێی پێویست بەدەروی ڕەگی کاردا دەخولێنەوە. (عەبدوللا حوسێن رەسووڵ، ٢٠١٥: ١٦) پەیوەندی نێوان ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوو یەکێکە لە باسە هەرە گرنگەکانی ڕێزمانی کوردی، بۆیە زۆرێک لە زمانەوانە کوردەکان چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ توێژینەوەیان دەربارەی ئەنجام دابێت، یاخود ناڕاستەخۆ لە شیکردنەوە ڕێزمانیەکاندا باسیان کردووە. زۆربەی زۆریان پێیان وایە: ڕەگی ڕابوردوو بۆتە سەرچاوە بۆ دارشــتنی ڕەگــی داهــاتوو، ئەمەش وا لێکــدراوەتەوە بەلابردنــی مــۆڕفیمی کــاتی ڕابــوردوو (نیشــانەکانی چــاوگ) پێکــدێت. بەم پێیە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چاوگ کراوەتە بنەما بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار. (عەبدوللا حوسێن رەسوول، ٢٠١٤ : ٨٨) لە کاتی لابردنی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوو بـۆ دروســتکردنی ڕەگــی داهــاتوو هەنــدێک گۆڕانکــاری تــری فۆنۆلـۆژی دێتەئارا و نەبوونی لێکدانەوەیەکی فۆنۆلۆژی ورد بۆ ئەم گۆڕانە دەنگیانە وایکـردوە هەنـدێک لەتـوێژەران پێیـان وابێت ئەو فۆنیمە زیادکراوانەی لە ئەنجامی پڕۆسەی مۆڕفۆنۆلۆژییەکە دێنەکایەوە بە پڕۆسـەیەکی ڕەفتاری فۆنۆلۆژی نامۆ و نـاوێزە بناسـێنن (بازیـان یونس محێددین ،٢٠١٣ : ٥٧)، هەندێکی تریش ئەم فۆنیمە زیاردکراوانە وەک مۆڕفیمێکی بەندی بەتاڵی فراواکار باسیان کردوە. (محەمەد مەعروف فتاح و صباح رەشید قادر،

٢٠٠٦: ٢٨) هەندێکی تریان پێیان وایە گۆڕانەکان هەمەچەشن هەندێکیان وشەسازین هەندێکی تریان دەنگسازین و هەندێکی تریان هەردوکیانن. (عەبدوللا حوسێن رەسوول، ٢٠١٥ : ١٦)

هەندێکی تریان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەم پڕۆسەیە بە پێچەوانەی لۆژیکی {ئاڵۆز لە سادەترەوە پێکهاتووە} کار دەکات. وەک، وریا عومەر ئەمین، دەڵێت: (بەپێی مەنتیقی "ئاڵۆز لە سادەترەوە پێک دێت" دەبێت ئەمە بە پێچەوانەوە بێت). (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٠ : ٢٣٤) لێرەدا هەوڵدراوە بەپێی ئەم لۆژیکەی سەرەوە ئەو یاسا مۆڕفۆفۆنۆلۆژیانەی دوای زیادکردنی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوو بۆ ڕەگی داهاتوو هاتۆتە ئاراوە لە دوو توێی چەند یاسایەکی مۆڕفۆفۆنۆلۆژیدا بخرێنە ڕوو.

**١-٣: ڕەگی داهاتوو و ڕەگی ڕابوردوو:**

ڕەگ مۆڕفیمێکی بەندی وشەسازییە، هەڵگرو پارێزەری واتای چاوگەکەیەتی، بەگشتی واتا نابەخشێت. (ڕەفیق شوانی، ٢٠١١ : ٩٧) زمانەوانی دێرین بەهەڵە دوو ڕەگیان بۆ کار دەستنیشان کردوە: ڕەگی ڕابوردوو و ڕەگی داهاتوو (رانەبوردوو)، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا ڕەگ هەر یەک ڕەگی کارە. (عەبدوللا حوسێن رەسوول ،٢٠١٥ : ١٦) و (سەعید کەرەمی، ١٣٩٦: ٨٨). ناشێ لەسەر بنەمای ڕەگ، کاری ڕابوردوو و ڕانەبوردوو دیاربکەین، چونکە ئەمە گرانییەکی زۆر دەخاتە سەر زمان. بەڵکو لەبنەڕەتدا ڕەگ سەربەخۆیە و بە کاتەوە گرێ نادرێت. پێویست نییە مۆڕفیمی کات بە ڕەگەوە بلکێنرێت، بەڵکو ڕەگ سەربەخۆیەو مۆڕفیمەکانی کات وەک پێشگر و پاشگر بەدەروریەوە دەلکێن.

لەم توێژینەوەیەدا ڕەگی داهاتوو (فۆڕمی ڕەگ لە دەمکاتی داهاتوودا) دەکرێتە بنەما بۆ دیارکردن و دۆزینەوەی هەموو ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕەگی ڕابوردوودا دێن بە کاریگەری مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردوو دوای زیادکردنیان بۆ ڕەگی کارەکان.

## ٢- گۆڕانە یەک پڕۆسەییەکان

### ٢-١: یاسای یەک پڕۆسەیی یەک گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

هەندێک لە گۆڕانەکانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو بە پێی پڕۆسەیەکی یەک گۆڕاوی دێتە ئارا، کە ئەم پڕۆسەیەش بە یەکێک لە پڕۆسە فۆنۆلۆژییەکانی (سوان، گۆڕان و زیادکردن) دروست دەبێت. بەم شێوەی خوارەوە:

### ٢-١-١: سوان:(Elision)

پڕۆسەی کرتانی یەکەیەکی دەنگی لە وشە یان گرێیەکدا بەمەبەستی ئاسانبوون و ڕێکخستنی درکاندن. بەم پێیە ((هەندێک جار یەکەیەکی زنجیرەیی لە ژێر بارودۆخێکی تایبەتدا لە زنجیرەی گوتندا دەسوێت.)) (علی محمد حق شناس، ١٣٨٣ : ١٥٧) بەواتایەکی تر، سوان لابردنی فۆنیم یان بڕگەیە لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ئاسانکردنی دوان بەمەبەستی ئابووریکردن لە بەکارهێنانی تینی ماسوولکە و وزەی دەربڕین ئەرکێکی تری گرنگی هەیە ئەویش بریتییە لە ڕێکخستنی ئەندامانی دوانە لەئاخاوتندا. جۆرەکانی سوانیش لەزمانی کوردیدا بە گوێرەی کەرەستەی سواو بە سەر دوو جۆردا دابەش دەبن: ئەوانیش سوانی فۆنیمی و سوانی بڕگەییە. هەروەها سوانی فۆنیمش بە سەر سوانی ڤاوڵ و سوانی کۆنسونانتیدا دابەش دەبێت، بەم شێوەیە:

هەڵتدان = هەڵـ + ـتـ + ـدە + ا +ن.

لێرەدا کاتێک (ا)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو زیاد دەکرێت بۆ ڕەگی (دە)ی داهاتوو ئەو بزوێنی کورتی (ە) توشی سوان دەبێت، ئەم گۆڕانەش بە کاریگەری زیادبوونی ئەلۆمۆرفێکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو[١] بۆ سەر

ڕەگـی کـارەکە، دەبێـتە هـۆی گـۆڕانی ڕەگـی کـارەکە و بەمەش گـۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکە دێنێتەئاراوە.

ســوانی فـۆنیم یـان کرتــانی ڤــاوڵ و کۆنســونانتەکان لە گــۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی ڕەگدا تەنیـا لە کۆتـایی ڕەگـی داهـاتوو دێـتە ئـارا، کاتێک دەگۆڕێن بۆ ڕەگـی ڕابـوردوو. ئەم گۆڕانەش لە هەنـدێک ڕەگدا یەک یـان دوو فۆنیم دەکرتێت.

**٢-١-١-١: سوانی ڤاوڵ:**

هەنـدێک لە ڕەگـی داهـاتووی زمـانی کـوردی، کاتێک دەگۆڕدرێت بـۆ ڕابوردوو، ڤاوڵەکانی /ە/، /ێ/ لە کۆتایی ڕەگەکاندا دەسوێن، بەم شێوەیە:

- سـوانی /ـە/: لە ڕەگـی داهـاتووی (دە)دا لە کـاتی گـۆڕانی بـۆ ڕەگـی ڕابوردوو دەبێتە /د/، بەم پێیەش لە کۆتایی ڕەگەکەدا ڤاوڵی /ـە/ دەکرتێت. ئەم سوانەش کاریگەری لەسـەر گـۆڕانی شـێوەی بـڕگەی ڕەگەکەدا نابێت، هەر بە شـێوەی (CV) دەمێنێـتەوە لە هەر دوو شـێوەی ڕەگـی داهـاتوو و ڕابوردوودا .

/ Ø- / ← /ە/

- سـوانی /ێ/: ڤاوڵی (ێ) لە ڕەگەکـانی (پشـکوێ، سـوتێ) دەکرتێت و ڕەگەکان دەبن بە (پشکو، سوت)، لە ڕووی پێکهاتەی بـڕگەوە (پشـکوێ) لە داهـاتوودا لە دوو بـڕگە (CVC) و(CCV) پێـک دێـت و دوای گـۆڕانی بـۆ ڕابوردوو تەنیا گۆڕان بەسەر بڕگەی دووەمدا دێت و لە(CCV)ـەوە دەبێت بە (CV). (ئەم شێوەی سوانە یەکێکە لە شێوەکانی زۆر باوی سـوان، کە لە بــڕگەکەی ئاســاییەوە بەرەو بڕگەیەکــی پەســندتر گــۆڕاوە). (ڕەحمــان ئیسـماعیل حەسـەن، ١٩٩١: ٧٦) هەروەهـا ڕەگـی (سـوتێ) لە داهـاتوودا لە

دوو برِگەی (CV) و (CV) پێک دێت، بەڵام کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو دەبێت بە یەک برِگەو بە شێوەی (CVC) دەردەبرِدرێت.

/ Ø- / ← /ێ/

**٢-١-١-٢: سوانی کۆنسونانت:**

هەندێک لە کۆنسونانتەکانی زمانی کوردی، وەک: /ن/، /ت/ کاتێک لە ڕەگی داهاتوودا دەگۆڕدرێن بۆ ڕابوردوو ئەوا لە کۆتایی ڕەگەکەدا توشی سوان دەبن، بەم شێوەیە:

- سوانی /ن/: وەک گۆڕان لە ڕەگی داهاتووی (دین)دا، کاتێک دەگۆڕێت بۆ (دی) ڕەگی ڕابوردوودا. بەم پێیە لە کۆتایی ڕەگەکە کۆنسونانتی /ن/ کرتاوە. لە ڕووی پێکهاتەی برگەوە، ئەم ڕەگە لە یەک برِگە پێک دێت، سوانەکەش شێوەی برِگەکە لە (CVC) دەکات بە (CV) .

/ Ø- / ← /ن/

- سوانی /ت/: ئەم کۆنسونانتەش دەکرتێت، کاتێک (بیست)ـی ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەبێتە (بیس). بەم شێوەیە/ت/ـی کۆتایی ڕەگ دەکرتێت. هەرچەندە لە هەندێ شێوەزار و ناوچەدا هەر لە بنەڕەتدا /ت/ دەرنابرِدرێت. هەر بە شێوەی (بیس)ـە. هەرچی پێکهاتەی شێوەی ڕەگە لە جۆری (CVCC) ـە لە داهاتوودا، کاتێک دەگۆڕێت بۆ ڕابوردوو ئەوا دەبێت بە (CVC) و بەم شێوەیە هێشوە کۆنسونانت لەم رەگە نامێنێت.

/ Ø- / ← /ت/

### ٢-١-٢: گۆڕان:(Mutation)

دەنگگۆڕکێ یەکێکە لە شێوەکانی گۆڕانی فۆنیم لە یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا، ئەمەش کاتێک ((دەنگێک جێگای دەنگێکی دی بگرێتەوە، بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر گۆڕینی واتاکەی.)) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٢٣) فۆنیمێک (دەنگێک) یان زیاتر لە سنوری گرێ(وشە)یەکدا دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی تر یان زیاتر بەبێ ئەوەی ئەم گۆڕانە کاربکاتە سەر ناوەڕۆک(واتا)یان، بەڵکو تەنیا کار لەسەر فۆڕمی گرێ(وشە)کە دەکات، لەم بارەدا هەمان گرێیەکە بە دوو فۆڕم یان زیاتر دەردەکەوێت، بەڵام بە هەمان واتاوە.

ئەو گۆڕانانەی بە سەر ڕەگەکانی کاری داهاتوودا دێن، هەموو گۆڕانەکانیش بەرەودواوە(Regressive)ن، ئەویش بریتیە لەو پرۆسەیەی کە ((دەنگی دواوە کاردەکاتە سەر دەنگی پێشەوە... بەشێوەی: {ف١+ف٢} دەبێتە {ف٢+ف٢})). (تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١٤: ٢٦٢).

دەنگگۆڕکێ بە شێوەیەکی گشتی کار لە پێکهاتەی بڕگەی ناکات، واتە، گۆڕان وەک سوان نییە، لە کاتی گۆڕانی ڕەگی کاردا لە داهاتووەوە بۆ ڕابوردوو هیچ شێوە گۆڕانێک لە شێوەی پێکهاتەی بڕگەکاندا نابینرێت، نابێتە هۆی گۆڕانی شێوەی بڕگەکەی ڕەگەکان.

### ٢-١-٢-١: دەنگگۆرکێ لە ڤاوڵەکاندا:

- گۆڕانی /ێ/: گۆڕانی دەنگ ئاسایی هەندێک جار درێژی یەکەیەکی دەنگی قسە کەمدەکرێتەوە یان هەر بە تەواوەتی لادەبرێن (غازی عەلی خورشید، ٢٠١٠: ١٨٩) وەک لە ڕەگی داهاتووی (ڕێس)دا کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو بەشێوەی (ڕس) دەردەکەوێت، بەمەش لە ناوەڕاستی ڕەگەکەدا ڤاوڵی /ێ/ دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵێکی سوک (بزرۆکە).

/ێ/ ← /-i-/

- گـۆڕانی /ێ/: ڕەگـی داهـاتووی لە هەنـدێک کـاری تێـپەڕی وەک: (پاڵێو- بژێر- ژمێر- نێر- ستێن- چێن- دڕێن- درکێن- نوێن- گەیێن) و سەرجەم ڕەگی کارە تێپەڕێندراوەکان (قیژێن- چیرێن- لوزێن- لورێن- گرمێن- بۆڕێن- زیڕێن- زریکێن- میاوێن- قیڕێن- حیلێن- تڕێن- نەڕێن- شیڕێن- فیکێن- چریکێن- جریوێن- لەنگێن- چرپێن- قاسپێن- قوقێن- شـەقێن...) کاتێک دەگـۆڕێن بـۆ ڕەگـی ڕابـوردوو ئەوە دبنە(پـالاو- بـژار- ژمار- نار- ستان- چان- دڕان- درکان- نوان- گەیان)، (قیژان- چیڕان- لوزان- لوران- گرمان- بۆڕان- زیڕان- زریکان- میاوان- قیڕان- حیلان- تـڕان- نەڕان- شـیڕان- فیکـان- چریکـان- جریـوان- لەنگـان- چرپـان- قاسپان- قوقان- شەقان...)، لە ناوەڕاستی ڕەگەکاندا گۆڕانێکیان تیادا دێتە ئارا .

/ێ/ ← /ـا/ /

- گۆڕانی /ە/: وەک لە (خایەن)ی ڕەگی داهـاتوودا، کاتێک دەبێت بە ڕەگـی ڕابـوردوو دەگۆڕێـت بـۆ (خایـان) و گـۆڕانەکەش لەناوەڕاسـتی ڕەگەکەدا دێتە ئارا.

/ە/ ← /ـا/ /

**٢-١-٢-٢: دەنگگۆڕکێ لە کۆنسونانتەکاندا:**

- گـۆڕانی /ز/ [٢]: ڕەگـی کارەکـانی داهـاتووی (گەز - خـواز) کە دەگـۆڕێن بـۆ ڕابـوردوو، ئەوا دەبـن بە (گەس - خـواس). ئەم شـێوە گۆڕانانەش لە کۆتایی ڕەگەکەدا دێنە ئارا.

/ز/ ← / ـسـ/

- گۆڕانی /ژ/[٣] : گۆڕانی ڕەگەکانی داهاتووی (کوژ، کرۆژ) بۆ ڕابوردوو ( کوش، کرۆش)ـە، ئەم گۆڕانەش لە فۆنیمی کۆتایی ڕەگەکاندا روودەدەن.

/ژ/ ← /ش/

- گۆڕانی /ڵ/: لەڕەگی داهاتوودا، کە (هێڵ)ـە و دەبێت بە (هێش) لە ڕابووردا، لێرەدا /ڵ/ـی کۆنسونانت گۆراوە بۆ /ش/ـی کۆنسونانت لە کۆتایی ڕەگەکەدا.

/ڵ/ ← /ش/

## ٢-١-٣: زیادبوون:(Epenthesis)

کردەی هانتە ئارای فۆنیمێک یان زیاترە لە زماندا، بەمەبەستی ئاسانبوونی درکاندنە. (تالیب حوسێن علی، ٢٠٠٥ : ٦٠) ئەو گۆڕانەی کە فۆنیمێک یان چەند فۆنیمێکی کۆنسونانت لە گرێ(وشە)یەکدا زیاد دەبێت، بەفۆنیمی چەندەکی (Lautquantitaten) دەناسرێت ((ئەو دەنگانەن، هەر چەندە دەوترێن، بەڵام مانا ناگۆڕێن و وشە لەیەک جودا ناکەنەوە.)) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤ : ١٢٢). کەواتە، ئەو فۆنیمانە تەنیا بەمەبەستی ڕێکخستنی ڕێڕەوی ئاخاوتن و ئاسانی دەربڕینە و ڕەگەکان ڕیکدەخەن، ((بنکە ریکخەر یان فراوانکار ئەمانە بنکەی وشە فراوان دەکەن تا بتوانێت پاشگری تر وەربگرێت)) (محەمەد مەعروف فتاح و صباح رەشید قادر، ٢٠٠٦: ٢٨). بەم پێیە تەنیا ئەرکی ریکخستنی فۆنەتیکی وشەکانیان لە ئەستۆدایە، کاتێک کە پاشگرێک (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوو) بۆ ڕەگی داهاتوو زیاد دەکرێت.

### ٢-١-٣-١: زیادبوونی کۆنسونانت:

- زیادبوونی /س/: کاتێک (نوو) لە ڕەگی داهاتووەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەی ڕابوردووی دەبێتە بە (نووس)، بەم پێیەش فۆنیمێک هاتۆتە سەر کۆتایی ڕەگەکە. ئەم گۆڕانی ڕەگەش کاری کردۆتە سەر بڕگەکە و پێکهاتەی بڕگەی ئەم ڕەگەی لە (CV) کردوە بە.(CVC)

/س/ ← / Ø-/

### ٢-٢: یاساکانی یەک پڕۆسەیی دوو گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

یەکێک لە شێوەکانی گۆڕان لە ڕەگی داهاتوو ئەوەیە کە دوو گۆڕان بەسەر ڕەگێکدا دێت، بەڵام هەموو ئەو گۆڕانانەش بەیەک پڕۆسەی (سوان) یان (گۆڕان) هاتوونەتەئارا، واتە، لەم گۆڕانەدا، هەموو فۆنیمە گۆڕاوەکان ڕەگێک بەیەک شێوە دەگۆڕێن، بە شێوەیەک هەندێک جار پڕۆسەی سوانی دەنگەکان لە زیاتر لە دەنگێک لە یەک ڕەگی داهاتوو دێتەئارا وەک:

- گۆڕانەکانی /ێ/ و /ن/: ئەو گۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژیانەی بەسەر هەندێک لە ڕەگەکانی داهاتوودا ڕوودەدەن، مەرج نییە تەنیا گۆڕانی یەک فۆنیمی بێت، هەندێ جار دوو فۆنیمین بەڵام بە یەک شێوە و بە یەک پڕۆسەدا ئەنجام دەدرێن، وەک: سوانی (ێن) لە ڕەگی داهاتووی (مێن)دا. کاتێک ڕەگەکە دەگۆڕێت بۆ ڕابوردوو دەبێت بە (م)، لە کۆتایی ڕەگەکەشدا هەر دوو فۆنیمی /ێ/، /ن/ بەسەر بەیەکەوە دەسوێن. سوانی ئەم فۆنیمانەی کاردەکەنە سەر گۆڕانی شێوەی پێکهاتنی بڕگەکە و بەشێوەیەکە، کە لە (CVC) دەبێتە .(CV) بەڵام هەر بەیەک بڕگە دەمێنێتەوە.

/ێ/ ← /-Ø/

/ن/ ← /-Ø/

- گۆڕانەکانی /ێ/ و /ژ/: ئەو شێوەی گۆڕانی ڕەگەکانی داهاتوو دوو گۆڕانی تێدایە دێتەئارا، وەک لە ڕەگی داهاتووی (نێژ)دا دەبێت بە (ناش) لە شێوەی ڕابوردوو. بەم شێوەیە: لە ڕەگی داهاتوو ڤاوڵی درێژی /ێ/ لە ناوەڕاستی ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت و دەبێت بە /ا/ لە ڕابوردوودا. هەروەها لە فۆنیمی کۆتایی ڕەگی داهاتووشیدا /ژ/ گۆڕاوە بۆ /ش/کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو.

/ێ/ ⟵ /-ا-/

/ژ /⟵ /-ش/

- گۆڕانی /ێ/ و /ژ/: ئەمەش شێوەیەکی تری گۆڕانەکانی ڕەگی کارە وەک لە ڕەگی داهاتووی (چێژ) کاتێک دەگۆڕێت بۆ شێوەی ڕابوردوو ئەوا دەبێت بە (چەش) گۆڕانەکانیش لە ناوەڕاست و کۆتایی ڕەگەکەدایە، بەشێوەیەکە لە ڕەگی داهاتوودا ڤاوڵی درێژی /ێ/ لە ناوەڕاستدا گۆڕاوە بە /ە/ لە ڕەگی رابردوودا. دواتر لە فۆنیمی کۆتایی /ژ/ لە ڕەگی داهاتوودا گۆڕاوە بۆ /ش/لە ڕەگی ڕابوردوودا.

/ێ/ ⟵ /-ە-/

/ژ/ ⟵ /-ش/

-گۆڕانەکانی /ێ/ و /ز/: ئەو شێوەی گۆڕانی ڕەگەکانی داهاتوو دوو گۆڕانی تێدایە دێتە ئارا، وەک لە ڕەگی داهاتووی (پارێز)دا دەبێت بە (پاراز) لە شێوەی ڕابوردوو. بەم شێوەیە: لە ڕەگی داهاتوو ڤاوڵی درێژی /ێ/ لە ناوەڕاستی ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت و دەبێت بە /ا/ لە ڕابوردوودا. هەروەها لە فۆنیمی کۆتایی ڕەگی داهاتووشیدا /ز/ گۆڕاوە بۆ /س/ کاتێک دەبێت بە ڕابوردوو.

/یَ/ ← /-ا-/

/ز/ ←/-س/

**٢-٣: یاساکانی یەک پرۆسەیی سێ گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:**

لەم شێوەی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو سێ گۆڕان بەسەر ڕەگێکدا دێت، بەڵام هەموو ئەو گۆڕانانە بەیەک پرۆسەی (زیادبوون)دا هاتوونەتە ئارا، کەواتە، گۆڕاوی ڕەگەکە بەیەک شێوە دروستبووە، بۆ نمونە:

– زیادبوونی فۆنیمەکانی /یـ/ ـi/ ش/ لە شێوەی داهاتووی ڕەگەکانی (گە، ڕۆ)دا کاتێک دەبن بە ڕابوردوو دەگۆڕێن بۆ (گەیش، ڕۆیش)، بەم پێیەش هەر سێ فۆنیمی (/یـ/ ـi/ ش/) بە دوای یەکتری بۆ کۆتایی ڕەگەکە زیادبوونە. ئەم شێوە زیادبوونەش دەتوانرێت بە زیادبوونی بڕگەیش بناسرێت، چونکە بوونە بە یەک بڕگە و هاتوونەتە سەر ئەم ڕەگانە. بەم پێیە پێکهاتەی بڕگەی ئەم ڕەگانە لە شێوەی ڕەگی داهاتوودا لە یەک بڕگەی (CV) پێکدێن، بەڵام کاتێک دەبن بە ڕابوردوو ئەوە ئەم ڕەگانە دەبنە دوو بڕگە و (CV) و(CVC) دان و بڕگەی دووەمیش بڕگە زیادبووەکەیە کە هاتۆتە سەر ڕەگی داهاتووەکە .

/Ø/ ← -{/یـ/ ـi/ ش/}

ئەم زیادکردنەش مەرج نییە لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا ڕووبدات، بەڵکو لە هەندێ شێوەزاردا بە دیار ناکەوێت وەک هەولێر. هەر بەشێوەی (ڕۆ، گە) لە هەر دوو شێوەی ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوو دەردەبڕدرێت و هیچ گۆڕانێک نایەتەئارا. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستەیە، زیادبوونی ئەم بڕگەیە بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەندامانی دوان و گونجانی ڕیزبوونی فۆنیمەکانی ئەم وشەیەیە، بۆ نمونە

– لەکاتی ڕابوردوو ( دوێنێ ژەنیار ڕۆیی بۆ ئەورووپا.)

- لەکاتی داهاتوو ( سبەی من دە<u>ڕۆ</u>م بۆ ئەوروپا.)

- لەکاتی ڕابوردوو ( پار هەنارەکان زوو <u>پێگە</u>ین.)

- لەکاتی داهاتوو (ئەم ساڵ هەنارەکان زوو پێدە<u>گە</u>ن.)

## ٣- گۆڕانە دوو پڕۆسەییەکان

### ٣-١: یاساکانی دوو پڕۆسەیی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

هەندێک جار دوو پڕۆسەی فۆنۆلۆژی-شێوە گۆڕانی دەنگی-بەیەکەوە بەسەر ڕەگەکانی داهاتووی کاردا دێن، کاتێک دەبن بە ڕابوردوو. ئەم گۆڕانانەش دەشێ سوان و زیادبوون، یان گۆڕان و سوان و یان زیادبوون و گۆڕان بەیەکەوە بێنەئاراوە. ئەمەش بە چەند شێوەیەک ڕوودەدات، وەک لە خوارەوە خراوەتە ڕوو:

### ٣-١-١: یاساکانی دوو پڕۆسەیی یەک گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

لەم شێوەی گۆڕانی ڕەگەکاندا، کاتێک لە داهاتووەوە دەبن بە ڕابوردوو دوو پڕۆسەی جیاوازی فۆفۆنۆلۆژیدا بەسەریاندا دێت، بەڵام یەک گۆڕان لە هەر پڕۆسەیەکیاندا ڕوو دەدات، بەم شێوەیە:

#### ٣-١-١-١: یاساکانی گۆڕان و سوان:

- گۆڕانی /ژ/ و سوانی /ێ/: ئەم گۆڕانانە لە ڕەگی داهاتووی (داڕێژ، ڕێژ)دا کاتێک دەبنە ڕابوردوو لە شێوەی (داڕش، ڕش) دێن. ئەم پڕۆسانەش هیچ کاریگەری لەسەر شێوەی پێکهاتەی بڕگەی ڕەگەکان نابێت لە هەر دوو ڕەگی داهاتوو و ڕابوردوودا. لە پڕۆسەی یەکەمدا: لە ڕەگی داهاتووەکاندا ڤاوڵی درێژەکانی /ێ/ لە ناوەڕستیاندا سواون وە لە

پرۆسەی دووەمیشدا: فۆنیمی کۆتایی ڕەگی داهاتووەکان /ژ/ گۆڕاوە بۆ /ش./

/ -ژ /→ /-ش/

/Ø/ ← /-ێ-/

**٣-١-١-٢: یاساکانی گۆڕان و زیادبوون :**

- گۆڕانی /ە/ و زیادبوونی /س/: ئەم شێوەی گۆڕانانەش کاتێک ڕوودەدات کە (خە)ی ڕەگی داهاتوو دەبێت بە (خس) لە شێوەی ڕابوردوودا، بەم پێیەش دوو پرۆسەی گۆڕان لەم ڕەگەدا هاتۆتەئاراوە، ئەوانیش ڤاوڵی کورتی /ە/ دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵی کورت تری بزرۆکە /I/لە ناوەڕاستدا و زیادبوونی /س/ بۆ کۆتایی ڕەگەکە دروست دەبێت. ئەرکی پڕکردنەوەی بۆشایی لە نێوان دوو مۆرفیمەکەی تر-ڕەگ و کات- بینیوە کە ناشێت دانەنرێت، چونکە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە پەسند ناکرێت فۆنیمەکان ئامادە نابن بکەونە پاڵ یەکتر و زنجیرە دەنگ دروست بکەن (بازیان یونس محێددین ،٢٠١٣ : ٨٨). هەرچی پێکهاتەی برگەیی ئەم ڕەگەیە، هەر وەک خۆیەتی و یەک برگەیە، بەڵام شێوەکەی لە (CV) ەوە گۆڕاوە بۆ . (CVC)

/-i-/ ← /ە/

/ س / ← /Ø/

- گۆڕانی /ە/ و زیادبوونی /ر/: وەک لەڕەگەکانی (کە، بە)ی داهاتوودا کاتێک دەگۆڕێن بۆ ڕابوردوو دەبن بە (کاr، باr). لێرەدا

به سوک بوونی ڤاوڵی /ه/ لە ناوەڕاستیان و زیادبوونی کۆنسونانتی /ر/ بۆ کۆتایی ڕەگەکان دروست دەبن. ئەمانەش کاتێک روودەدان کە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (د) زیاد دەبێت بۆ سەر ڕەگی داهاتووەکە و ئەوا (ر)ـەک بۆ کۆتایی ڕەگی داهاتووە و پێش مۆرفیمی کاتەکە زیاد دەبێت. لەگەڵ زیاد بوونی ئەو مۆرفیمە گۆڕاێک بەسەر بزوێنەکەی پێش خۆی دێنێت. پێکهاتەی بڕگەی ئەم ڕەگانە، لە هەر دوو شێوەی داهاتوو و ڕابوردوو هەر یەک بڕگەیە و شێوەکەشی لە (CV) ەوە گۆڕاوە بۆ .(CVC)

/ه/ → /–i–/

/Ø/ → / –ر/

– گۆڕانی /ۆ/ و زیادبوونی /ش/: وەک لە ڕەگی (هاژۆ، شۆ)دا لە شێوەی داهاتووی دەگۆڕێن بۆ ڕابوردوو ئەوا دەبن بە (هاژوش، شوش). لێرەدا ڤاوڵی درێژی /ۆ/ لە ناوەڕاستی ڕەگەکان گۆڕاون بۆ ڤاوڵی کورتتری /و/، هەروەها /ش/یش بۆ کۆتایی ڕەگەکان زیادبوون. لەڕووی پێکهاتەی بڕگەییەوە. هەر دوو ڕەگەکە شێوەی داهاتووی ڕەگەکەیان لە دوو بڕگەی (CV) و (CV) پێکدێن، بەڵام کاتێک دەگۆڕێن بۆ ڕابوردوو دەبن بە (CV) و(CVC) ، دیارە ئەمەش بڕگەی دووەمیان گۆڕانی بەسەر داهاتووە.

/ۆ/ → /–و–/

/Ø/ → /–ش/

– گۆڕانی /ێ/ و زیادبوونی /ه/: کاتێک لە ڕەگی داهاتوودا /ێ/ دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەبێتە (ها). بەمەش ڤاوڵی /ێ/ گۆڕاوە بۆ

/ا/ هەروەها /هـ/ لەسەرەتادا زیادبووە. بەم پێیە پێکهاتەی بڕگەی ڕەگی داهاتوو بە شێوەی (V)[٤] دەبێت بە (CV) لە ڕابوردوو. ئەمەش لێرەدا هیچ کاریگەری نەکردە سەر شێوەی پێکهاتەی بڕگەکە.

/ێ/ ← /-ا-/

/Ø/ ← /-هـ/

**٤- گۆڕانە سێ پرۆسەییەکان**

**٤-١: یاساکانی سێ پرۆسەیی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:**

**٤-١-١: یاسای سێ پرۆسەیی دوو گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:**

**٤-١-١-١: یاساکانی زیادبوون و گۆڕان:**

- زیادبوونی /هـ/ و /ش/ و گۆڕانی /ێ/: کاتێک (اوێ) ڕەگی داهاتوو دەگۆڕێت بۆ (هاویش)[٥] لە شێوەی ڕابوردوودا. لێرەدا سێ گۆڕان تیایدا ڕوویداوە، بە شێوەی دوو پرۆسەی جیادا. ئەوانیش زیاد بوونی /هـ-/ لەسەرەتا و /-ش/یش لە کۆتاییدا لەگەڵ گۆڕانی /ێ/ بۆ /-یـ-/.

/Ø / ← /هـ-/

/Ø / ← / -ش/

/ێ/ ← /-یـ-/

شێوەی پێکهاتەی بڕگەیی لەم ڕەگی کارە دا لە هەردوو باردا لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بڕگەی یەکەم لە (CV) کە هیچ گۆڕانێک تیایدا نایەتەئارا. ئەویش بە شوێنگۆڕکێ پێکردنی فۆنیمە کۆنسونانتەکانی سەرەتای /هـ/ بۆ /د/ی ئەسپێکتی بەردەوامی /دە/ و بەهۆی ئەو گۆڕانە

فۆنۆلۆژیانەی لە نێوان دوو فۆنیمی /ە/ و /ا/ دێتە ئارا دەبێت بە (دا)[٦] .
بەڵام  بڕگەی دووەم لە شێوەی (CV) دەگۆرێت بۆ (CVC) .

- گۆڕانی (ۆ) و زیاد بوونی /ر/: وەک لە ڕەگی داهاتووی (خۆ )دا، کاتێک دەگۆڕێت بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەبێت بە (خوە). ئەمە شێوەیەکی باوی گۆڕانی فۆنۆلۆژییە لە (ۆ) بۆ (وە). کاتێکیش مۆرفیمی /د/ی کاتی رابوردوو زیاد دەکرێت، ئەوا /ر/ زیاد دەبێت. هەر کاتێکیش /ر/ زیادبوو ئەوا کار دەکاتە سەر بزوێنەکەی پێش خۆی و لێرەدا درێژی دەکاتەوە لە (ە) بۆ (ا). هەر دوو شێوەی ڕەگەکانی داهاتوو و ڕابوردووی لە یەک بڕگە پێک هاتوون، بەڵام بەشێوەی جیاواز لە ڕەگی داهاتوو لە شێوەی (CV)و لە ڕابوردوودا دەگۆڕێت بۆ.(CCVC)

/ۆ/ ← /-وە/

/Ø/ ← /-ر/

/ە/ ← /-ا-/

## ٤-١-٢: یاساکانی سێ پرۆسەیی سێ گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابوردوو:

### ٤-١-٢-١: یاساکای سوان و گۆڕان و زیادبوون:


- سوانی /ە/ و گۆڕانی /ێ/ و زیادبوونی /س/: گۆڕانەکانی ڕەگی داهاتووی (ەوێ) بۆ ڕەگی ڕابوردوو (ویس) بەم شێوەیەیە کە سوانی /ە/ لەسەرەتای ڕەگە و /ێ/ لە ناوەڕاستدا دەگۆڕێت بۆ /-ی-/ هەروەها /-س/ لە کۆتایدا زیاد دەبێت. پێکهاتەی بڕگەیی ڕەگی داهاتووەکە لە دوو بڕگە(V) [٧] و (CV) پێکدێت، بەڵام لە ڕەگی ڕابوردوودا دەبێتە یەک برگە و لەقالبی (CVC)دا دێت.

/Ø / ← / ە/

/-یـ-/ ← /ێ/

/ -س /← / Ø/

ئەو گـۆڕانە مۆرفۆفۆنۆلۆژیـانەی لە ئەنجـامی زیـادبوونی یەکێک لە مۆڕفیمەکـانی کـاتی ڕابـوردوو بـۆ ڕەگـی داهـاتوو دێنەئـارا بە یەکێک لەم شێوانەیە:




هێلکاریی -١-

یاساکانی گۆڕانی ڕەگی کاری داهاتوو بۆ ڕابوردوو

| سوان | زیادکردن | گۆڕان | گۆڕان و سوان | گۆڕان و زیادکردن | سوان و گۆڕان و زیادکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| ن←Ø | Ø ← س | ێ← i | ژ ←ش، ێ ←Ø | ۆ←و، Ø ←ش | ە←Ø، ێ←ی، Ø ←س |
| ت←Ø | Ø←یـiش | ە←ا | | ێ←ا، Ø ←هـ | |
| ە←Ø | | ێ←ا | | ە←i، ←Øر | |
| ێ←Ø | | ڵ←ش | | ە←i، Ø ← س | |
| ێن←Ø | | ز←س | | ۆ←وە، Ø ←ر، ە← ا | |
| | | ژ←ش | | ێ←ی،←Øهـ←Øش | |
| | | ێ←ە،<br>ژ←ش | | | |
| | | ێ←ا،<br>ژ←ش | | | |
| | | ێ←ا،<br>ز←س | | | |

## پەراوێزەکان:

١- ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو لەزمانی کوردیدا بریتین لە (ـت، ـد، ـو، ـی، ـە) کە هەمویان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی تافێکن. بۆ زانین بڕوانە: (محمەدی مەحوی، ٢٠١٠: ٣٠)

٢- دەنگ گۆڕکێ /ت/ -مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو- دەتوانێت /ز/، /ژ/ بگۆڕێن بە /س/، /ش/. سەبارەت بە ڕەسەنایەتی نوسەر فۆنیمەکانی/ز/، /ژ/ بەڕەسەن دەزانین، چونکە لە داهاتوو (ڕانەبوردوو)دا دەردەکەون. لە ڕابردووشدا دەردەکەون ئەگەر نەکەونە دوای /ت/. فۆنیمی /ت/ بریتییە لە نیشانەی ڕابوردوو لە هەموو ڕێژەیەکی ڕابوردوودا هەیە. (شێرکۆ بابان،

٢٠٠٥: ١٥٤-١٥٨). ئەمەش ئاماژەیە بە ناڕاستەوخۆ، کە داهاتوو بنەڕەتە و ڕابوردووی لێ دروست دەکرێت.

٣- لە زمانی کوردیدا دەنگە کۆنسونانتەکان دوو جۆرن، ئەوانیش ئاوازەدار و کپن. لە هەندێک زماندا، ئەگەر لە دوای دەنگێکی ئاوازەدارەوە دەنگێکی کپ بێت، ئەوا دەنگە کپەکە کار دەکاتە سەر دەنگە ئاوازەدارەکەی بەردەمی و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ، بەتایبەتی ئەگەر لە پاش دەنگە ئاوازەدارەکانی /ز/ و /ژ/ ەوە دەنگی کپی /ت/ هەبێت. گەلێک جار /ژ/ کە دەکەوێتە پێش هەندێ دەنگی کپەوە، وەک /ش/ دەردەبڕدرێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف،١٩٧٦: ٥٧).

٤- لە ڕەگی داهاتوودا زیادەی دەنگی کۆنسونانتی /د/ دەکەوێتە پێش ڤاوڵی ڕەگی داهاتووی /ێ/ بە شێوەی (دێ) دەردەکەوێت، واتە، قالبی بڕگەیی (CV)وە کاتێکیش دەگۆڕێت بۆ ڕابوردووو /ە-/ی بۆ زیاد دەبێت، واتە شوێنی/د/ـەکە دەگرێتەوەو بەم پێیەش بڕگەکەی هەر بە هەمان شێوەی خۆی و لە قالبی (CV) دەمێنێتەوە، کەواتە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.

٥- (اوێ) لە هەندێک شێوە ئاخاوتنی بەشیوەی (هاوێ) دەرببڕدرێت، لەم شێوە دەربرینەدا کاتێک مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوو دەخرێتە سەر ئەوا یەک دەنگ زیاد دەبێت کە (ش) لە کۆتایی ڕەگەکەدا. تەنانەت لە هەندێک ناوچە بەشێوەی (هاوێژ) دەردەبڕێت. لەم بارەدا تەنیا یەک گۆڕان دێتەئارا ئەویش گۆڕانی (ژ) بۆ (ش)ـە.

٦- هەر کاتێک ڤاوڵی کورت و ڤاوڵێکی درێژ بکەونە پاڵ یەک، ئەوە ڤاوڵە درێژەکە کار دەکاتە سەر ڤاوڵە کورتەکەو دەیسوێنێت.

٧- ئەمەش تەنیا هاتنی ئەم بزوێنە بە ڕێگای گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی هاتنی ئەسپێکتی بەردەوامی پێش ئەم بزوێنە چارەسەر دەبێت و دەبێت بە

یەک فۆنیم لەگەڵ ئەسپێکتی بەردەوامی و سەربەخۆی خۆی لە دەست دەدات، بەم شێوەیە: دەمەوێت. دەوێت. دە/مە/ وێت لێرەدا لەگەڵ جێناوە لکاوەکان بوون بەیەک برگەو لە دە/وێت. ئەمیان لەگەڵ ئەسپێکتی بەردەوامی بە هۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژیەوە بووە بەیەک مۆرفیم بە یاسایی بەیەکەوە هاتنی دوو مۆرفیمی وەک یەک بوون بەیەکی ئەم مۆرفیمانە (ە+ە=ە) بەمەش دە+ەوێت دەبێت بە دە/وێت.

**ئەنجامەکان:**

١. کردەی سوان لە پرۆسەی گۆڕانی ڕەگی داهاتوودا هەردوو شێوەی فۆنیمی کۆنسونانت (ن، ت) و ڤاوڵ (ێ، ە) دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر لە کۆنسونانتەکانە. هەندێک کات ڤاوڵ و کونسونانتەکان بەیەکەوە یاخود بەدوای یەکەوە لە یەک ڕەگدا دەسوێن.

٢. پرۆسەی زیادبوون لە ڕەگەکانی داهاتوودا هەموو کۆنسونانتە کپەکانی (ی، س، ش، ر، ە) زیاد دەبێت، هەروەها لەگەڵ ڤاوڵەکانی ( i، ا ) لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک ڕەگدا هەردوو فۆنیمی (ی)ـی و (ش)ی کۆنوسنانت بەسەر یەکەوە بەشێوەی (یـiـش) وەک برگەیەک زیاد دەبێت بۆ کۆتایی ڕەگەکان.

٣. هەموو گۆڕانە دەنگییە کۆنسونانتییەکان لە گرەوە دەبن بە کپ. بەڵام پرۆسەی گۆڕانی ڤاوڵەکان لە دەنگە بەهێزەکانەوە بۆ دەنگە بێ هێزەکانە، جگە لە گۆڕانی (ە) بۆ (ا) ئەمەش بەکاریگەری دەنگەکانی دەوروبەری دێنەئارا.

٤. ئەو سوانانەی بەسەر ڕەگی داهاتودا دێن، بەشێکی زۆریان دەبنە هۆی گۆڕانی شێوەی برگەی ڕەگەکان، بەشێوەیەکە هەموو ئەو

سوانانە دەبنە گۆڕینی بڕگەکە لە شێوەی (CVC) بۆ(CV) . بەڵام لە پڕۆسەی زیادبوونی فۆنیم لە ڕەگی داهاتوودا، کاریگەری لەسەر شێوەی پێکهاتەی بڕگە دەکات و زۆربەی شێوەی بڕگەکان لە (CV) دەکات بە (CVC).

٥. هەموو ئەو ڕەگە داهاتووانەی کە بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە و بە زیادکردنی مۆرفیمی کاتی رابوردوو (د) دەکرێنە بە ڕەگی رابوردوو ئەوا بەپێی یاسای زیادکردن کۆنسناتی (ر) لە نێوانیان زیاد دەکرێت.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە کوردی:


– ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغد.

– ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر.

– بازیان یونس محێددین یونس محێددین (٢٠١٣) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆژی و سینتاکس، چاپخانەی مورکریان، هەولێر.

– تالیب حوسێن علی (٢٠٠٥) فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، لە زنجیرە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر.

- تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤) زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- سەعید کەرەمی (١٣٩٦) وشەناسی زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست)، پەخشانگای زانستگای کوردستان، چاپی یەکەم، سنە.

- شێرکۆ بابان (٢٠٠٥) دەنگسازی و بڕگە سازی لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا (٢٠١٩) فۆنۆلۆجی، دەزگای نالبەند یێ چاپ و وەشانێ، چاپخانەی هێڤی، دهۆک.

- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩١) بڕگەو ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.

- ڕەفیق شوانی(د) (٢٠١١) وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

- عەبدوللا حوسێن ڕەسوول (٢٠١٥) چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- غازی عەلی خورشید (٢٠١٠) فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠) مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، برگی یەکەم سلێمانی.

- محەمەد مەعروف فتاح و صباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

رمزي منير بعلبكي (١٩٩٠) معجم المصطلحات اللغوية، الطبعة الاولى، دار العلم للملايين، بيروت.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

- علی محمد حق شناس (١٣٨٣) أواشناسی، انتشارات أگاه، چاپ نهم، تهران.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Andrew Spencer and Arnold M. Zwicky (2001) The Handbook of Morphology, Blackwell Publishing, USA.
- David Crystal (1990) Linguistics, Second Edition, Penguin Books.
- Geoffrey Finch (2000) Linguistic Terms and Concepts, USA.

## پاشکۆ

ئەو چاوگـانەی گـۆڕانی ڕەگـی کاریـان بەسـەردا دێـت لە کـاتی گۆڕینان لەداهاتووە بۆ ڕابردوو

(دان، پشـکوتن، سـوتان، دیـتن، بیسـتن، ڕسـتن، پـاڵاوتن، بـژاردن، ژمـاردن، نـاردن، سـتاندن، چانـدن، دڕانـدن، درکانـدن نوانـدن، گەیانـدن، قیژانـدن، چیڕانـدن، لوزانـدن، لورانـدن، گرمانـدن، بۆڕانـدن، زیڕانـدن، زریکانـدن، میاوانـدن، قیڕانـدن، حیلانـدن، تڕانـدن، نەڕانـدن، شـیڕاندن، فیکانـدن، چریکانـدن، جریوانـدن، لەنگانـدن، چرپانـدن، قاسپاندن، قوقانـدن، شەقاندن، خایاندن، گەستن، پاراستن، خواستن، کوشتن، کرۆشتن، هێشـتن، نوستن، مان، ناشتن، چەشتن، گەیشتن، ڕۆیشتن، داڕشتن، ڕشـتن، خسـتن، کردن، بردن، هاژوشتن، شوشتن، هاتن، هاویشتن، خواردن، ویستن.)

## ملخص:

هذا البحث على عكس البحوث اللغوية الذين المقدمة، حاولوا على حصول الجذر المستقبل من الجذر الماضية. هذا البحث يرى ان الجذر الماضية تنشأ بسبب إضـافة مورفيمـات الفعـل الماضـي لجـذر المسـتقبل. إضـافة مورفيمـات تغيـرت فونولوجية على الجذر الفعل الماضي بهذا توضيح وتحل كل المشاكل الموجودة في جذر الماضية والمستقبلة. الهدف الرئيسي لهذا البحث تحديد القوانين وألانظمة الموفوفونولوجية التى تنشأ في حالة الجذر الماضية وتظهر فيها أهم القوانين التغير في الجذر المستقبلية والجذر الماضية من الجذور المصادر البسيطة في اللغة الكوردية. عملية الرئيسية الفونولوجية تغير هذه الجذور و تعتبر من عمليات الحذف والاضافة و التغير بجميع أنواعها و هذا الحذف تشمل تغير جذر المستقبلة بنوعيها فونيمات الصامته(ن، ت) والصائته(ێ، ە). ولكن تشمل فونيمات الصامته أكثر من الصائته في بعض الأحيان، الصائته و الصامته تحذف في آن واحدة تلو الأخرى في الجذر الواحدة.

**Abstract:**

This research is unlike the previous linguistic research. It tried to obtain the future root of the past root. This research finds that the last root arises due to the addition of the past verb morphs to the root of the future. The addition of morphology has changed the phonology on the root of the past verb by clarifying and solving all the problems which presented in the past and future roots. The main objective of this research is to identify the laws and systems of morphology that arises in the case of the last root however it shows the most important laws that changes the root of the future and the root of the past from the roots of simple sources in the Kurdish language. The main process of phonology changes the roots. it is considered to be the deletions, additions and changes of all sorts. This deletion involves changing the roots of the receptor. It includes both phonemes of consonant (N, T) and vowels (ê, e), but it contains in consonant more. Sometimes consonants and vowels follow each other in one root.